# قوتابێتی - 1

## وانەی دوانزە

**نزا**

رابەری گروپ: نزا بکە لەپێناوی تەرخانکردنی گروپەکەت و ئەم بەرنامەیەی ئامادە کردنی قوتابی بۆ خوداوەند.

## بەشداری کردن

**ئینجیلی یۆحەنا**

بەنۆرە بەشداری بکەن (یان لە پەراوی خەڵوەتی روحی تایبەت بە هەر یەکێك لە ئێوە) ئەو زانیارییانە بخوێنە کە لە یەکێك لە خەڵوەتە روحییەکان یان لە ئەنجامی ورد بوونەوەت لەو بڕگە کتێبییانەی کە بۆتان ئامادە کراوە (یۆحەنا 11: 38 - 14: 31) لەگەڵ رەچاوکردنی بەشدارییەکان بەشێوەیەکی کورت بە پێی توانا. گوێ بگرن لە بەژداربوان، هەروەها بە هەواڵدەرانە مامەڵەی لەگەڵدا بکەن و پەسەندی بکەن، بەبێ ئەوەی گفتوگۆی زۆری لەسەر بکەن.

## پێداچوونەوەی ئەو بڕگە کتێبیانەی پەیوەندی بە متمانەکان هەیە لە ژیانی باوەڕدار

**دەرخ کردن**

### شێوازی پێداچوونەوەی ئەو ئایەتە کتێبییانەی دەرختکرد ئـا

پێداچوونەوەی ئەو ئایەتە کتێبییانەی پێشتر دەرخت کردبوو ئەم بەشانەی خوارەوە لەخۆ دەگرێت:

**1**

**پێدابچۆرەوە.** واتا رۆژی یەك جار ئەو پێنج بڕگە کتێبیانەی پێشتر دەرخت کردووە دووبارە بکەیتەوە. چونکە دووبارەکردنەوە باشترین رشگەیە بۆ بەبیرهاتنەوەی ئایەتە کتێبییەکان بەشێوەیکی راست. بۆیە بۆ ماوەی 5 هەفتە ئەو کارە ئەنجام بدە. بەم شێوەیە هەر بڕگەێکی کتێبی 35 جار دووبارە کردەوە پێش ئەوەی بگەیتە رێگای (پێداچوونەوە لە سەرەتاوە).

**2**

**پێداچوونەوە لە سەرەتاوە.** واتا 3 هەفتە جارێك بەو بڕگە کتێبیانە بچۆرەوە کە پێشتر دەرخت کردووە. پێداچوونەوە لە سەرەتاوە باشترین رێگایە بۆ بە بیرهاتنەوەی ئەو بڕگە کتێبیانەی پێشتر دەرخت کردووە. بۆیە بۆ هەر 100 بڕگەی کتێبی کە پێشتر دەرخت کردووە، رۆژی پێداچوونەوەی 5 ئایەت بکە. بەم شێوەیە، پێداچوونەوەی هەموو ئەم بڕگە کتێبیانە دەکەیت کە پێشتر دەرخت کردووە یەکجار لە سێ هەفتەدا.

**3**

پەراوی بڕگەی دەرخ کردن لەگەڵ خۆت **هەڵبگرە**. لە کاتی رۆیشتنت بۆ سەر کار، یان لە کاتی پشوودان پێداچوونەوە و رامان و نزا بکە. پێداچوونەوەی دوا پێنج بڕکەی بکەرەوە کە پێشتر دەرخت کردووە. لەسەرتاوە پێداچوونەوەی ئەو بڕگە کتێبیانە بکە کە پێشتر دەرخت کردووە. پاشان رامێنە لە بڕگەکان و نزا بکە بە پشت بەستن بە ناوەڕۆکی بڕگەکان.

**4**

**دڵنیابە.** لەوەی براکەت لە گرووپەکەت بڕگەکانی بە تەواوی دەرخ کردووە (داوای لێبکە دڵنیابێت لەوەی تۆش بڕگەکانت دەرخ کردووە). لە هەموو کۆبوونەوەیەکی گرووپەکەدا، گرووپەکە دابەش بکە بۆ گرووپی دووانی و داوا بکە لە هەر دوو کەسێك دڵنیابن لەوەی دوایین بڕگەکانیان دەرخ کردووە. بۆیە ناوەناوە گرووپەکە دابەش بکە بۆ گرووپی دووانی و دڵنیا بن لەوە 5 بڕگەیەی پێشتر دەرختان کردووە. لە یەکتر دڵنیابن بۆ ئەوەی بزانن کە هێشتا بابەت یان سەردێر، نیشانەی کتێبی و بڕگەکە بەتەواوەتی دەزانن بۆ یارمەتی دان یان نا. هەرکەسێك دەتوانێت بابەتەکە بە هاوڕێکەی بڵێت، یان سەردێرەکە یان نیشانە کتێبییەکە یان وشەکانی سەرەتای بڕگەکە چییە.

## پ) بەو بڕگە کتێبییانە (دوو دوو) بچۆرەوە کە پەیوەندی بە متمانەکان هەیە لە ژیانی باوەڕدار

- متمانەی رزگاری (1یۆحەنا5: 11-13).
- متمانەی لێخۆشبوون (1یۆحەنا1: 9).
- متمانەی نزای وەڵام دراو (یۆحەنا16: 24).
- متمانەی رێنمایی خودا (پەندەکان3: 5-6).
- متمانەی سەرکەوتن (1کۆرینسۆس10: 13).

## وانەی خوێندنەوەی کتێبی

### چۆن بەرهەم بهێنم؟ یۆحەنا15: 1 - 17

شێوازی **پێنج هەنگاوی خوێندنەوەی کتێبی پیرۆز** بەکار بهێنە بۆ ئەوەی (یۆحەنا15: 1 - 17) پێکەوە بخوێنین.

هەنگاوی **1** بخوێنە

**بخوێنە**. با پێکەوە (یۆحەنا15: 1 - 17) بخوێنینەوە. با بە ریز هەر کەسێك ئایەتێك بخوێنێتەوە تاوەکو تەواو دەبین لە خوێندنەوەی بڕگە کتێبییەکە.

هەنگاوی **2** بدۆزە

**بیرکەرەوە:** ئەو راستییە چییە کە بە لای تۆوە گرنگە لەم بڕگەیەدا؟ ئەو راستییە چییە کە چووە مێشك و دڵتەوە لەم بڕگەیەدا؟

**بنووسە:** یەك یان دوو راستی بدۆزەوە کە لێیان بگەیت. بیریان لێبکەرەوە و پاشان بیرۆکەکانت لە پەڕاوەکەتدا بنووسە.

**بەژداری کردن:** (پاش ئەوەی ئەندامانی گرووپەکە هەندێ کات بە بیرکردنەوە و نووسین بەسەر دەبەن، بیرۆکەکانتان بەشدار بکەن). بەشداری ئەو شتانە بکەین کە هەریەکێك لە ئێمە دۆزییەوە. (ئەمانەی خوارەوە چەند نموونەیەکە سەبارەت بەو شتانەی کە دۆزیویانەتەوە. لە بیرت بێت لە هەر گروپێکی بچووك، ئەندامانی گرووپەکە بە شتی جیاواز بەژداری دەکەن، و گرنگ نییە هاوشێوەی یەکبن).

**دۆزینەوەی 1** ئەو راستییەی بەلامەوە گرنگە لە ئایەتی پێنجدایە، کە دەفەرموێت ﴿*ئەوەی لە مندا بچەسپێت و منیش لەو ئەوا بەرهەمی زۆر دەگرێت. چونکە بەبێ من ناتوانن هیچ شتێك بکەن*﴾ من دەمەوێت کەسێکبم کە بەرهەمی زۆر بۆ خودا بهێنم. ئەم ئایەتە پێم رادەگەیەنێت کە ئەمە شیاو نابێت تەنها کاتێك کە لە عیسای مەسیحی خوداوەند دەچەسپێم و ئەویش لەمندا دەچەسپێت. لە راستیدا، بەبێ عیسای مەسیح ناتوانم هیچ شتێك بکەم بەهایەکی بەردەوامی هەبێت. هەندێ جار ئەم راستییە دەمترسێنێت چونکە من باوەڕدارێکی زۆر چالاکم. من لەخۆم پرسیار دەکەم: ئایا ئەم کردەوانەی من هیچ بەرهەمێکی بۆ خودا دەبێت لە ژیانی تاهەتاییدا؟ بەم شێوەیە، من ناتوانم بیربکەمەوە تەنها لەوەی بزانم هەموو کردەوەکانم بەرهەم دەهێنێت بۆ خودا لە ژیانی تاهەتاییدا، هەرچەندە بچەسپێم لە عیسای مەسیح، ئەوەیش لەمندا بچەسپێت. من نامەوێت ئەوە ئاشکرا بکەم کە من لە خزمەتم بۆ خودا زۆر چالاك بووم بەڵام هیچ بەرهەمم بۆی نەهێناوە.

---

**دۆزینەوەی 2** راستی گرنگ بەلای منەوە لە ئایەتی هەشتدایە کە دەفەرموێت ﴿*باوکم بەمە شکۆدار دەبێت، کە بەرهەمی زۆر بهێنن، ئاوا دەبنە قوتابی من*﴾ من دەمەوێت خودا شکۆدار بکەم لە ژیانم، ئەو رێگایەی کە خودای پێ شکۆدار دەکەم و بەهۆیەوە بەرهەمی زۆرم دەبێت ئەوەیە کە لە عیسای مەسیح بچەسپێم و ئەویش لە مندا بچەسپێت. چونکە روونە بەلای منەوە کە دیارترین مەبەستی باوەڕدار ئەوەیە خودا شکۆدار بکات. بۆیە دوو شتی زۆر بەنرخ هەن لە ژیانی باوەڕداری چەسپاو. ئەوانەش پەیوەندی بەردەوام و هەمیشەیی لەگەڵ عیسای مەسیح خوداوەند و بەرهەمەی باوەڕێتی.

هەنگاوی 3 **هەندێ پرسیار بکە**

**بیرکەرەوە:** ئەو پرسیارە چییە کە دەتەوێ ئاراستەی گروپەکە بکەیت سەبارەت بەم بڕگە کتێبییە؟ با هەوڵ بدەین هەموو ئەو راستییانە تێبگەین کە لە (یۆحەنا15: 1- 17) ئاماژەی پێکراوە.

**بنووسە:** هەوڵ بدە بە روونترین شێوە پرسیارەکەت ئامادە بکەیت. پاشان لە پەڕاوەکەت تۆماریان بکە.

**بەشداری کردن:** پاش ئەوەی ئەندامانی گروپەکە هەندێ کات بە بیرکردنەوە و نووسین بەسەر دەبەن، داوا بکە لە هەر کەسێك پرسیارێك ئاراستە بکات.

**گفتووگۆبکە:** (دواتر هەندێ پرسیار هەڵبژێرە و هەوڵ بدە وەڵامیان بدەیتەوە لە ڕێگای گفتووگۆکردن لەگەڵ گرووپەکەت).

(ئەمانەی خوارە هەندێ نموونەن دەربارەی هەندێ پرسیار کە لەوانەیە ئەندامانی گرووپەکەت بیکەن و هەندێ تێبینی بەسوود بۆ بەڕێوەبردنی گفتووگۆ دەربارەی پرسیارەکان).

**پرسیاری 1** سروشتی وێژەیی بڕگەی کتێبی (یۆحەنا15: 1-17) چییە؟ ئایا فێرکردنێکی راستەوخۆیە؟ یان پەندە؟ یان وێنەیەکی هێمایییە؟

**تێبینییەکان:** لە نموونەکانی کتێبی پیرۆز سەبارەت بە فێرکردنی راستەوخۆی (یۆحەنا14: 15-27). لە نموونەکانی کتێبی پیرۆز سەبارت بە پەندەکان (لوقا10: 30-35). لە نموونەکانی کتێبی پیرۆز سەبارەت بە وێنە هێماییەکان (یۆحەنا10: 1-16) (یۆحەنا15: 1-17). پەند تەنها پەیامێك لە خۆوە دەگرێت. بۆ نموونە پەیامی سەرەکی نموونەی سامیریە چاکەکە، بەم شێوەیە (نزیکت ئەو کەسەیە کە بەزەیی بۆ دەردەبڕی). بەڵام وێنەی هێمایی بەراوردێکی بەرینە، زۆر خاڵی بەراوردی جیاواز لە خۆوە دەگرێت. بۆ نموونە لەم وێنە هێمایییە (رەزەوان) هێمایە بۆ خودای باوك، (دارەمێو) هێمایە بۆ عیسای مەسیح خوداوەند، (لقە بەرهەمدارەکان) هێمایە بۆ باوەڕدارە راستەقینەکان، (لقە بێ بەرهەمەکان) هێمایە بۆ ئەو باوەڕدارانەی کە تەنها بە ناو باوەڕدارن یان کەسە بێ باوەڕەکان. لەبەر ئەوەی (دارەمێو) و (لقەدارەکان) هێمان بۆ کەس واتە مرۆ، کەواتە بەرهەمیش هێمایە بۆ مرۆڤ. چونکە وێنەی هێمایی لێرەدا ناڵێت کە عیسای مەسیحی خوداوەند دارمێوێکی راستەقینەیە لقی هەیە و ترێ دەگرێت. بەڵکو دەڵێت پەیوەندی نێوان عیسای مەسحی خوداوەند و خەڵکی دەکرێت بەراورد بکرێت بە دارەمێو و لقەکانی. بۆیە پێویست ناکات هەوڵی شیکارکردنی هەموو شتێك بدەین لە هێماکە بە شێوازی (وێنەی هێمایی).

**پرسیاری 2** جۆری ئەو (بەرهەم)ـە چییە کە پێویستە ئێمەی باوەڕداران بەرهەمی بهێنین؟

**تێبینییەکان:** وشەی بەرهەم لە کتێبی پیرۆز واتای جیاواز لەخۆ دەگرێت. بۆ نموونە (کۆلۆسی1: 6) مەبەستی لە باوەڕداری نوێیە کە بە هۆی جاڕدان بە پەیامی ئینجیل باوەڕ دێنن. (یۆحەنا15: 16) (بەرهەمی هەمیشەیی) قوتابییانە. چونکە ئەو باوەڕدارە نوێیانەی گەشەیان کرد و پێگەیشتن و نەگەڕانەوە سەر ڕێگا کۆنەکانیان لە ژیان پێیان دەوترێت (بەرهەمی هەمیشەیی). (گەلاتیا5: 22-23) (بەرهەمی روح) لایانی جیاوازن لە ژیانی باوەردار. بۆیە ئەو بەرهەمەی عیسای مەسیح لە باوەڕداران پێشبینی دەکات کە بەرهەمی بهێنن ئەوەیە:

1. باوەڕداری نوێ (بەرهەمی جاڕدان).
2. باوەڕداری چەسپاو (بەرهەمی قوتابێتی).
3. کەسایەتی باوەڕدار (بەرهەمی روح لە باوەڕداران)

**پرسیاری 3** (15: 4-5) ئەو کەسانە کێن کە بەرهەم دێنن؟

**تێبینییەکان:** لە ئایەتی 4: دەخوێنین ﴿*لە مندا بچەسپێن و منیش لە ئێوەدا. چۆن لق لە خۆیەوە ناتوانێت بەرهەم بگرێت ئەگەر لە مێوەکەدا نەچەسپێت، ئێوەش ئاوان، ئەگەر لە مندا نەچەسپێن*﴾ ئەوانەی بەرهەم دەهێنن ئەو کەسانەن کە نزیك دەبنەوە لە عیسای مەسیحی خوداوەند، لە ژیان و دڵیان قبوولی دەکەن و هەموو رۆژێك بەردەوام دەبن لە پەیوەندی لەگەڵیدا. لەبەر ئەوەی عیسای مەسیحی خوداوەند لە ناخیان دەچەسپێت، ئاگادار دەبن و تێدەکۆشن و ئارام دەگرن بەرهەم دەهێنن.

**پرسیاری 4** (15: 6) ئەو کەسانە کێن کە بەرهەم هەڵناگرن؟

**تێبینییەکان:** ئەو لقانەی بەرهەم دەگرێت باوەڕدارە راستەقینەکان دەنوێنێت. بەڵام ئەو لقانەی بەرهەم ناگرن ئەو کەسانە نانوێنێت کە باوەڕدار بوون و دواتر وازیان لە باوەڕ هێنا. ئەو وێنە هێماییە بە روونی ئەوە رادەگەیەنێت کە ئەو لقانەی بڕان و فڕێدرانە ناو ئاگر، بێگومان ئەو کەسانە دەنوێنێت کە لە ژیانیان بەرهەمیان نەهێناوە، هەتاوەکو ئەو کاتانەش کە نزیك بوون لە عیسای مەسیح. لەگەڵ ئەوەی لەوانەیە ئەوان نزیك بووبێتن لە عیسای مەسیح لە کلێسا بەڵام هیچ کاتێك باوەڕداری راستەقینە نەبوون. لەگەڵ ئەوەی نزیك بوون لە عیسای مەسیحی خوداوەند، بەڵام پەیوەندیان پەیوەندیەکی دەرەکی بوو چونکە لەدایك بوونی دووەمیان بەدەست نەهێنا (یۆحەنا3: 3-8). دەرئەنجام دەگەینە ئەوەی کە ئەم وێنە هێماییە ئەوەمان پێڕاناگەیەنێت کە ئەو باوەڕدارانەی لەدایك بوونی دووەمیان بەدەست هێنا رزگارییان لەدەست دەدەن. بەڵکو ئەوەمان پێڕادەگەیەنێت کە لەگەڵ ئەوەی ئەوباوەڕدارانەی کە تەنها بەناو باوەڕدارن بێ بەرهەم دەمێنن، بەڵام ئەو باوەڕدرانەی لەدایك بوونی دووەمیان بەدەست هێناوە بەرهەمێکی زۆریان دەبێت، بۆیە ئەو کەسانەی بەرهەم ناهێنن ئەو کەسانەن کە لە عیسای مەسیح نزیك بوونەوە بەڵام قبوڵیان نەکرد، پەیوەندیان لەگەڵی تەنها دەرەکی بوو. لەگەڵ ئەوەی ئەندام بوون لە یەکێك لە کلێساکان و بەشداریان دەکرد لە خزمەتەکان بەڵام هیچ بەرهەمێکیان نەدەهێنا کە گرنگیەکی تاهەتایی هەبێت چونکە عیسای مەسیح لەناخیاندا نەدەژیا. بۆیە عیسای مەسیح جەخت دەکاتە سەر بەرپرسیاریەتی هەر کەسێك لێی نزیك دەبێتەوە. ئەگەر وشەی خودا و ئەو رووناکییەی رەت کردەوە کە رووبەرووی دەبێت، ئەوا کاتێك دێت کە خودا هەموو کارەکانی تێیدا رادەگرێت، چونکە روحی پیرۆز دووبارە کاری تێدا ناکاتەوە و هیچی دیکە ویژدانی وریای ناکاتەوە و دڵی رەق دەبێت. لە کۆتایی رەت دەکرێتەوە و دەخرێتە ناو دۆزەخەوە (ئیشایا6: 9-10) (مەتا13: 11-15) (عیبرانییەکان3: 7-11)

---

**پرسیاری 5** (15: 5) دەبێت پلەی بەرهەم چەند بێت؟ **تێبینییەکان:**

ئـ) بە پێی ئایەتی 5 و 8 پێشبینی دەکرێت باوەڕداران (بەرهەمی زۆر) بهێنن. بۆیە خودا خاوێنیان دەکاتەوە (یۆحەنا15: 2) کاتێك خودا هەڵدەستێت بە خاوێنکردنەوەی باوەڕداران ئەوا لە رێگای تەنگانەکان تەمێیان دەکات و سەرزەنشتیان دەکات.

ب) بە پێی ئایەتی16 پێشبینی دەکرێت باوەڕداران (بەرهەمی هەمیشەیی) بهێنن. بۆیە خودا و باوەڕداران بەردەوام دەبن لە چاودێری کردنی باوەڕدارە نوییەکان. ئەوان نایانەوێت لە باوەڕ وەرگەڕێن.

پ) بە پێی نمونەی چێنەر لە (مەتا13). هەندێ باوەڕداران 100 ئەوەندە بەرهەم دەهێنن، هەندێکی دیکە 60 ئەوەندە، هەندێکی دیکە 30 ئەوەندە. هۆی ئەوەی هەندێ لە باوەڕداران بەرهەمی زیاتر دەهێنن لە باوەڕدارانیتر دەگەڕێتەوە بۆ یەك یان زیاتر لەم هۆیانەی خوارەوە:

1- زیاتر ئارامگر بوون، زیاتر جێی متمانە و تێکۆشەر و ئازا و سادە بوون لە وەڵامدانەوەیان لەگەڵ وشەی خودا.
2- زیاتر بەرهەم هێنەر بوون لەوانیتر لە جاڕدان و قوتابیێتی.
3- خاوەنی کەسایەتی جیاواز بوون. یان بەهرەی روحی جیاواز.یا بارودۆخی ژیانی جیاواز. خودا تەنها خۆی دەبەخشێ و سەرزەنشت دەکات.

---

**پرسیاری 6** (15: 5-7) واتای چەسپاندن لە عیسای مەسیحی خوداوەند چییە؟

**تێبینییەکان:** لە ئایەتی 7 دەخوێنین: *﴿ئەگەر لە مندا بچەسپێن و وشەکانم لەناوتاندا بچەسپێت، چیتان دەوێ داوای بکەن بۆتان دەبێت﴾*. بەم شێوەیە واتای چەسپاندن لە عیسای مەسیح بەستراوەتەوە بە چەسپاندنی وشەی عیسای مەسیح لە باوەڕدار. لە ئایەتی 9 و 10 *﴿وەك باوك خۆشیویستم، منیش خۆشمویستن، جا لە خۆشەویستییەکەمدا بچەسپێن. ئەگەر راسپاردەکانم بپارێزن لە خۆشەویستییەکەمدا دەچەسپێن، وەك من راسپاردەکانی باوکم پاراستووە و لە خۆشەویستییەکەیدا چەسپاوم﴾*. بەم شێوەیە چەسپاندن لە عیسای مەسیح بەستراوەتەوە بە گوێڕایەڵی باوەڕدار بۆ وشەی عیسای مەسیح.

لەگەڵ ئەوەی عیسای مەسیح دەستپێشخەرە لە گفتوگۆ کردن لەگەڵ هەموو باوەڕدارێك، هەروەها دەستپێشخەرە لە دەربڕینی خۆشەویستی بۆ هەموو باوەڕدارێك، بەڵام باوەڕدار بەرپرسیاریەتی وەڵامدانەوە لەگەڵ خۆشەویستی و وشەکانی عیسای مەسیح هەڵدەگرێت. بۆیە پێویستە باوەڕدار هەموو هەوڵێك بخاتە کارەوە بۆ پارێزگاری کردن لە پەیوەندی لەگەڵ عیسای مەسیح، هەروەها بەردەوام بێت لە گوێڕایەڵی کردنی وشەکانی. بەم شێوەیە، پێویستە باوەڕدار عیسای مەسیحی خۆشبوێت بە هەموو دڵ و بیر و توانایەوە، پێویستە ئەو کارانە بکات کە عیسای مەسیح خوداوەند فێری دەکات. بەڵام ئەگەر کەسێك پێی وایە کە باوەڕدارە بەڵام عیسای مەسیحی خۆشناوێت و گوێڕایەڵی وشەکانی ناکات، ئەوا ڕووبەڕووی ئەو مەترسییە دەبێتەوە کە وەك ئەو لقە وشکەی لێدێت کە دەبڕێت و دەخرێتە ناو ئاگرەوە.

**پرسیاری 7** (15: 3-7) قسەکانی عیسای مەسیح چی دەکات لە باوەڕدار؟

**تێبینییەکان:** بە پێی ئایەتی 3 وشەی عیسای مەسیح باوەڕداران لە گوناهەکانیان پاکدەکاتەوە. ئەمەش واتا خودا خەڵکی ڕاستوودروست دەکات کاتێك کە باوەڕ دەهێنن بە پەیامی ئینجیل سەبارەت بە عیسای مەسیح. بە پێی ئایەتی 7 باوەڕدار بەرپرسیارە لە چەسپاندنی وشەی عیسای مەسیح لە ناخی. واتا باوەڕدار بەرپرسیارە وابکات لەوشەی خودا کاریگەری لە بیرۆکە و بیروباوەڕ و هاندەر و هەڵوێست و هەست و هەڵسوکەوتەکانی. نەوەك تەنها ئەوەندە، بەڵکو هەروەها چاودێریشی دەکات. لە لایەکەوە باوەڕدار بەرپرسیارە لە ئەنجامدانی شتێك بەرامبەر بە وشەی خودا (گوێی لێبگرێت، بیخوێنێتەوە، دەرخی بکات، تێی رابمێنێت، جێبەجێی بکات، بگەیەنێت خەڵکی) (یۆحەنا8: 31). لەلایەکی دیکەوە، باوەڕدار بەرپرسیارە وابکات لە وشەی خودا شتێك بکات لە ژیانی (کاریگەری لێبکات، بیگۆڕێت، چاودێری بکات) (یۆحەنا15: 7).

**پرسیاری 8** (15: 7) پەیوەندی نێوان نزا و وشەی خودا چییە ؟

**تێبینییەکان:** لە ئایەتی 7 دەخوێنینەوە ﴿*ئەگەر لە مندا بچەسپێن و وشەکانم لەناوتاندا بچەسپێت، چیتان دەوێ داوای بکەن بۆتان دەبێت*﴾ کاتێك کە باوەڕدار ڕێ دەداتە وشەکانی خودا کاریگەری لێبکات و چاودێری ژیانی بکات، ئەوا نزاکانی کاریگەر دەبێت. لەبەر ئەوەی شتێکی سەرپێچیکاری وشەکانی عیسای مەسیح داوا ناکات، ئەوا وەڵامدانەوە نزاکانی بەدەست دەهێنێت (1یۆحەنا5: 14). ئەمە پەیمانێکی مەزنە بۆ ئێمە.

**پرسیاری 9** (15: 16) پەیوەندی نێوان نزا و بەرهەم هێنان چییە ؟

**تێبینییەکان:** لە ئایەتی 16 دەخوێنینەوە ﴿*بەڵکو من ئێوەم هەڵبژارد، نیشانم کردن تاکو بڕۆن بەرهەم بهێنن و بەرهەمەکەتان بمێنێت، تاکو هەرچییەك بە ناوی من داوا بکەن باوك بتانداتێ*﴾ بەم شێوەیە باوەڕداری ڕاستەقینە نزا دەکات لە پێناوی بەرهەم، بەرهەم بەدەست دەهێنێت وەك وەڵامدانەوەیەك بۆ نزاکانی. کاتێك عیسای مەسیح هەڵدەستێت بە ناردنی باوەڕداران بۆ ئەوەی بەرهەمێکی بەردەوام بهێنن، پێویستە ئەوە بزانین کە ئێمە ناتوانین بەخۆمان هەستین بەو کارە، بەڵکو تەنها لە ڕێگای هێزی عیسای مەسیح و دانایی و خۆشەویستی دەتوانین ئەو کارە ئەنجام بدەین. ئەمەش هاندەرمانە (وەك باوەڕداران) بۆ بەرز کردنەوەی نزاکانمان بۆ خودا بۆ ئەوەی ئازایەتی و ڕوحی گوێڕایەڵیمان پێببەخشێت تاوەکو بچینە لای خەڵکی. ئەمە هاندەرمانە بۆ ئەوەی نزاکانمان بەرز بکەینەوە بۆ خودا بۆ ئەوەی هێز و دانایی و خۆشەویتیمان پێببەخشێت تاوەکو بتوانین یارمەتی خەڵکی بدەین تاوەکو دەبنە بەرهەمێکی بەردەوام. عیسای مەسیح پەیمانی پێداین کە لەو کاتەی ئێمە نزا دەکەین و کار دەکەین لە پێناوی بەرهەمی بەردەوام، وەڵامی نزاکانمان دەداتەوە.

**پرسیاری 10** چۆن باوەڕداران دەتوانن یەکتریان خۆشبوێت؟

**تێبینییەکان:** دەتوانین ئایەتەکانی 1-11 لەم ڕستەیەدا کورت بکەینەوە (لە عیسای مەسیح و خۆشەویستییەکەی بچەسپێن)، هەروەها دەتوانین ئایەتەکانی 12-17 لەم ڕستەیەدا کورت بکەینەوە ﴿*یەکتریتان خۆشبوێت*﴾، بەم شێوەیە بەتەواوەتی ڕوونە

کە باوەڕداران ناتوانن یەکتریان خۆشبوێت هەتاوەك نەچەسپێن لە عیسای مەسیح و خۆشەویستییەکەی. کاتێك باوەڕداران هەموو هەوڵێکیان دەخەنە کار بۆ ئەوەی پەیوەندیەکی کەسییان هەبێت لە گەڵ عیسای مەسیح، بۆ ئەوەی گوێڕایەڵی فێرکردنەکانی بن، تەنها ئەوکات عیسای مەسیح تواناایان پێدەبەخشێت تاوەکو یەکتریان خۆشبوێت! چونکە لە (مەرقۆس12: 30) عیسای مەسیح ئامۆژگاریدا بە باوەڕداران خودایان خۆشبوێت، نزیکەکەیان وەك خۆیان خۆشبوێت، پاشان لە (رۆما5: 5) دەبینین کە خودا خۆشەویستی دەخاتە دڵی باوەڕداران لە ڕێگای روحی پیرۆزەوە. لەو کاتەی خودا ئامۆژگاری باوەڕدارانی کرد بە شتێك ئەوا خودا ئەو توانایەیان پێدەبەخشێت بۆ گوێڕایەڵی کردنی ئەو ئامۆژگارییە. بۆیە کاتێك کە خودا ئامۆژگاریمان دەکات خۆشیمان بوێت ئەوا خۆشەویستی خۆی دەخاتە دڵمان.

**پرسیاری 11** (15: 13) واتای (مەزنترین خۆشەویستی) چییە؟

**تێبینییەکان:** لە ئایەتەکانی 12 و 13 دەخوێنینەوە ﴿*ڕاسپاردەی من ئەمەیە: یەکتریتان خۆشبووێت وەك خۆشمویستن. کەس خۆشەویستی لەمە مەزنتری نییە کە یەکێك ژیانی خۆی بۆ دۆستەکانی دابنێت*﴾. بەم شێوەیە مەزنترین خۆشەویستی ئەو خۆشەویستییەیە کە خۆمانی بۆ دەبەخشین لە پێناوی خۆشەویستەکانمان. عیسای مەسیح ئێمەی خۆشویست بە خۆشەویستی مەزن، لەسەر خاچ مرد لە پێناوی ئێمە، چونکە خۆشەویستییەکەی خۆپەرست نەبوو بەڵکو فیداکاری بوو. خۆشەویستییەکەی دڵسۆز بوو بۆ ئێمە. ئەو خۆشەویستییەی وامان لێدەکات باشتر بین لەوەی کە هەرگیز نابین. ئەمە مەزنترین خۆشەویستییە. ئێستاش ئەوەتا عیسای مەسیح ئامۆژگاریمان دەکات- ئێمەی باوەڕداران- یەکترمان بەم خۆشەویستییە مەزنە خۆشبوێت. پێویستە باوەڕداران یەکتریان خۆشبوێت بەو خۆشەویستییە پێدراو و فیداکارە کە هەوڵ دەدات بۆ یارمەتی دانی ئەوانی دیکە تاوەکو باشتربن لە پێناوی خودا و ئەوانیتر. بێگومان ئێمە ناتوانین لەسەر خاچ بمرین لە پێناوی ئەوانیتر، بەڵام دەتوانین ژیانمان لە پێناوی ئەوانیتر بژین بە ڕێگای بەخشین و فیداکاری، ئەمە مەزنترین خۆشەویستییە.

**پرسیاری 12** (15: 10) پەیوەندی نێوان گوێڕایەڵی و خۆشەویستی چییە؟

**تێبینییەکان:** ڕێگای زانستی چەسپاندن لە عیسای مەسیح و خۆشەویستییەکەی و هاوڕێتییەکەی، گوێڕایەڵی وشەکانی بێن. بەڵام گوێڕایەڵیمان لەپلەی یەکەم نەبوو. چونکە لە سەرەتادا عیسای مەسیح گوێڕایەڵی خۆی دەرخست سەبارەت بە پیلانی خودا کە ئامانجی ڕزگار کردنی مرۆڤە. پێش هەموو شتێك عیسای مەسیح ئێمەی خۆشویست و لە پێناوماندا مرد. پاشان کەسانێکی نارد بۆ جاڕدانی پەیامی ئینجیل بۆ ئێمە. کاتێك کە باوەڕمان هێنا روحی پیرۆزی ڕژاندە ناو دڵمان. ئەو کاتەی کە دڵمان پڕ دەبێت لە خۆشەویستی عیسای مەسیح، ئەوا بەتوندی حەزدەکەین گوێڕایەڵی وشەکانی خودا بکەین، بەوەش دەتوانین گوێڕایەڵی وشەکانی خودا بکەین، گوێڕایەڵی وشەکانیشی دەکەین. کاتێك کە گوێڕایەڵی وشەکانی عیسای مەسیح دەکەین ئەوا زیاتر خۆشەویستی دەڕژێنێتە دڵمان سەبارەت بە خۆی، ئەو کاتە خولێکی خۆشەویستی نوێ و باشتر دەست پێدەکات لە دڵ و ژیانمان. بەم شێوەیە خۆشەویستی عیسای مەسیح دڵمان پڕ دەکات لە خۆشەویستی. ئەم خۆشەویستییەمان دەمانگەیەنێتە گوێڕایەڵی. گوێڕایەڵیمان وا لە عیسای مەسیح دەکات خۆشەویستییەکی زیاتر بڕژێنێتە دڵمان. مەزنترین خۆشەویستی دەمانگەیەنێتە گەورەترین گوێڕایەڵی.

هەنگاوی **4** **ئەنجامبدە**

**بیربکەرەوە:** کام لەو ڕاستییانەی کە لە کتێبی پیرۆز هاتووە دەست دەدات وەکو کارێکی ڕەفتاری باوەڕداران؟

**بەشداری کردن:** وەرن با پێکەوە بیر بکەینەوە و ئەو ڕێکخستنانە بنووسین کە دەتوانین لە (یۆحەنا15: 1-17) دەریبهێنین؟

**بیربکەرەوە:** ئەو ڕێکخستنە پێشنیار کراوە چییە کە خودا لێتی داوا دەکات بیگۆڕیتە بە ڕێکخستنی کەسی؟

**بنووسە:** ئەم ڕێکخستنە کەسییە لە پەراوەکەت بنووسە. هەست بە سەربەخۆیی بکە لە بەشداری کردنی ڕێکخستنە کەسیەکەت

که خودا له دڵتی داناوه. (لەبیرت بێت که ئەندامانی هەر گرووپێك ڕاستی جیاواز ڕێکدەخەن: یاخود له خودی ڕاستییەکه ڕێکخستنی جیاواز دەردەهێنن. ئەمەی خوارەوە لیستەیەکه بە ڕێکخستنه پێشنیارە کراوەکان).

نموونەی ڕێکخستنی پێشنیارە کراوەکان.

15:1 بزانم که هیچ ڕزگارکارێك نییه جگه له عیسای مەسیح. ئەو دارەمێوی سەرەکییه.

15:2 ڕێگا بدەمە ڕەزەوان (خودای باوك) ژیانم بە شێوەیەکی بەردەوام پاك بکاتەوە بۆ ئەوەی بتوانم بەرهەمی ڕاستەقینه و زۆر و بە بەردەوام بهێنم.

15:3 باوەڕ بە پەیامی ئینجیل بهێنم بۆ ئەوەی بە باوەڕ ڕزگارم بێت. هەروەها زیاتر و زیاتر باوەڕم بە وشەکانی کتێبی پیرۆز بێت، بۆ ئەوەی لایەنێکی زیاتر و زیاتر له ژیانم خاوێن و پیرۆز بێت.

15:4-5 له بیرم بێت که من ناتوانم بەرهەمێکی زۆر و بەردەوامم هەبێت، تەنها کاتێك که پەیوەندیەکی بەردەوام و زیندووم هەبێت لەگەڵ عیسای مەسیحی خوداوەند، هەروەها کاتێك که عیسای مەسیح له ناخم دەچەسپێت.

15:6 یارمەتی ئەو کەسانه بدەم که دێنه کلێسا بۆ ئەوەی باوەر بە عیسای مەسیح خوداوەند بهێنن.

15:7 ڕێگا بە وشەکانی کتێبی پیرۆز بدەم کاریگەری له هەموو لایەنەکانی ژیانم بکات و بمگۆڕێت.

15:7 دەزانم که خودا دوو داواکاری هەیه تاکو وەڵامی نزاکانم بداتەوە: پەیوەندییێکی زیندووم هەبێت لەگەڵ عیسای مەسیحی خوداوەند، ڕێگا بە وشەکانی کتێبی پیرۆز بدەم چاودێری ژیانم بکات.

15:8 پەیمان بدەم که بەرهەمێکی زۆر بهێنم بۆ عیسای مەسیح.

15:9-10 هەردەم له پەیوەندی خۆشەویستی دەمێنم لەگەڵ عیسای مەسیح له ڕێگای گوێڕایەڵی کردنی وشەکانی (یۆحەنا14: 21، 23).

15:11 خۆشی مەسیحی لەم جیهانه له سەرکەوتن و خۆشەویستی هەڵناقوڵێت، بەڵکو له پەیوەندی زیندوو لەگەڵ عیسای مەسیح، هەروەها له گوێڕایەڵی کردنم بۆ وشەکانی کتێبی پیرۆز و وەڵامدانەوەی خودا بۆ نزاکانم.

15:13 مەزنترین خۆشەویستی ئەنجام دەدەم بەوەی ژیانم ببەخشم له پێناو خۆشەویستانم.

15:14 دەبمه هاوڕێی عیسای مەسیح له ڕێگای گوێڕایەڵی کردنی وشەکانی (یاقوب4: 4).

15:15 لەگەڵ هاوڕێ و خۆشەویستانم بەشداری ئەو شتانه دەکەم که له عیسای مەسیحی خوداوەند فێردەبم.

15:16 دەستپێشخەر دەبم له ڕۆیشتن بۆ لای کەسان و گەلانی دیکه بۆ ئەوەی بیانکەمه قوتابی عیسای مەسیح (مەتا28: 18-20).

15:16 باوەڕ بەوە هەبێت کاتێك که بەشداری ڕاسپاردەی مەزن دەکەم (مەتا28: 18-20) ئەوا عیسای مەسیحی خوداوەند وەڵامی زۆربەی نزاکانم دەداتەوە.

---

نموونەی ڕێکخستنی کەسی.

ئـ) من داوا له خودا دەکەم نیعمەتێکم بداتێ بۆ ئەوەی زیاتر و زیاتر گەشه بدەم بە پەیوەندی کەسیم لەگەڵی. من دەمەوێت هەموو ڕۆژێك کاتێکی بەسەر بەرم بە خوێندنەوەی وشەکەی، دەمەوێت بیربکەمەوە بە چ شێوەیێك دەتوانم زیاتر و زیاتر گوێڕایەڵی بکەم. من باوەڕم هەیه که گوێڕایەڵیم بۆ وشەکانی عیسای مەسیحی خوداوەند دەمگەیەنێته خۆشەویستی زیاتر بۆ کەسی عیسای مەسیحی خوداوەند، هەروەها بەرەو بەرهەمێکی زیاتر.

ب) داوا لە خودا دەکەم نیعمەتێکم بداتێ بۆ ئەوەی زیاتر بەرهەمی بەردەوام بهێنم. چونکە عیسای مەسیحی خوداوەند رزگارمی کرد و کردمیە لقێکی زیندوو و سەوز لە دارەکەی. بەم شێوەیە ژیانی لە ناخمدا هەڵدەقوولێت بە هۆی روحی پیرۆزەوە. ئەم ژیانەیە کە توانای بەرهەمهێنانم پێدەبەخشێت. لەبەرئەوەی من حەز دەکەم بەرهەم بهێنم، ئەوا بەردەوام دەبم لە گەشەپێدانی پەیوەندیە کەسیەکانم لەگەڵ عیسای مەسیحی خوداوەند لە رێگای گوێڕایەڵیم بۆ وشەکانی و نزا کردن و دەرخستنی خۆشەویستی بەرامبەر باوەرداران.

هەنگاوی 5 نزا بکە.

با بە نۆرە نزا بەرزبکەینەوە بۆ خودا، هەر کەسێك بۆ راستییەك نزا بکات کە خودا لە رێگای (یۆحەنا15: 1-17) فێرمانی کرد. (لە نزاکەت لەگەڵ ئەو شتە وەڵامدانەوەت هەبێت کە لە وانەی ئەم پەرتووکە فێری بوویت. مەشق بکەن لەسەر نزای کورت کە لە رستەیەك یاخود دوو رستە پێکبێت. لە بیرت بێت کە ئەندامانی هەر گروپێك دەتوانن بۆ شتی جیاواز نزا بکەن)

## نزا

لە گروپی دووانی یاخود سیانیی، نزا بەرز بکەنەوە لە پیناوی یەکتری و هەموو جیهان.

## بۆ وانەی داهاتوو

## ئەرکی ماڵی

رابەری گروپ: ئەم ئەرکەی خوارەوە بە نووسراوی بدە ئەندامانی گرووپەکەت، یان داوایان لێبکە لە پەڕاوەکانیان بینووسنەوە.

**بەڵێن:** بەڵێن بدە یەکێك لە رێخستنەکان ئەنجام بدەیت.

**خەڵوەتی روحی:** هەموو رۆژێك کاتێکی بەسەر بەرە لە خەڵوەتی روحی. رۆژانە نیو بەشی (یۆحەنا15: 1-18: 27) بخوێنە. شێوازی راستی پەسەندکراو بەکار بهێنە. تێبینییەکانت بنووسە.

**دەرخ کردن:** خۆت رابهێنە لەسەر دووبارەکردنەوەی ئەو پێنج ئایەتە (برگە) کتێبییەی دەرخت کردووە.

**نزا:** ئەم هەفتەیە سەبارەت بە شتێك یاخود کەسێکی دیاریکراو نزا بکە، چاوەروانبە خودا چی دەکات. (زەبووری5: 3).

**زانیارییە نوێکان بنووسەوە لە پەڕاوی** تایبەت بە قوتابێتی. ئەو تێبینییانەت بنووسە کە پەیوەندی هەیە بە خەڵوەتی روحی، دەرخ کردن، خوێندنەوەی کتێبی، ئەم ئەرکە ماڵییە.